http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.98

# هەڵسەنگاندنی کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر ئایندەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری رزگاری بە بەکارهێنانی ( GIS )

عزەدین جمعە دەرویش
زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردە-بەشی جوگرافیا
Azadeen.Jumea@garmian.edu.krd

کامران محمد توفیق
زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردەی بنەرت
Kamaran.Muhammed @garmian.edu.krd

ارام حسن محمد
زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردەی بنەرت
Aram.hassan@garmian.edu.krd

## کورتە :

سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتوە لە سنوری شارەوانی شاری رزگاری ناوەندی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کەوتۆتە بەشی باشوری رۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان و رۆژهەلاتی عێراقەوە.

توێژەران لە توێژینەوەکەدا تیشك دەخەنە سەر خزمەتگوزارییەکانی ( فێرکاری ، تەندروستی ، کارگێری ، ئاینی ) وەکو کۆمەڵێك رەگەزی گرنگی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری رزگاری بە ئاما نجی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای خزمەتگوزارییەکان و بری داواکاری لەسەریان بە مەبەستی پێشبینیکردن بۆ ئایندەیان لەسەر بنەمای پلاندانێکی زانستی کە چارەسەری گرفتەکانی ئێستا و دابینکردنی پێویستییەکانی ئایندەی لێبکەوێتەوە.

توێژینەوەکە پشت بەستن بە رێبازی وەسفی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانی خستۆتەروو ، هەروەها بە پێی رێبازی شیکاری هەڵسەنگاندن بۆ گۆراوەکانی ئەو خزمەتگوزارییانە کراوە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری کارپێکراو لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی توانایان و خستنە رووی تێروانینێکی روون لەسەر پێویستی دانیشتوان بۆئەو خزمەتگوزاریانە و پاشان لەسەر بنەمامەیەکی زانستی پێشبینی بۆ ئایندەییان کراوە، لە کۆتاییدا توێژینەوە گەیشتوەتە چەند ئە نجامێك لەوانە سەرەرای بایەخپێدانی حکومەت بەکەرتی خزمەتگوزاری فێرکاری، بەلام لە سالی بنەرەت لە هەندێك لە رەگەزەکانی ناهاوسەنگی هەیە، بە پێی پێوەری رووبەر و قەبارەی دانیشتوان شار پێویستی بە ( 5 ) باخچەی ساوایان و تەرخانکردنی ( 15000 -17500 م$^2$ ) رووبەر و ( 5 ) قوتابخانە بۆ ( قۆناغی بنەرەتی / پۆلی 1- 6 ) و تەرخانکردنی رووبەری ( 25000- 30000م$^2$ ) زەوی هەیە، بە پێی پێوەرە مرۆییەکانی ( مندالْ/ پۆل ) بۆ قۆناغی باخچە و ( قوتابی/ قوتابخانە ) بۆ ( قۆناغی بنەرەتی/ پۆلی1- 6 ) پێویست بەکردنەوەی پۆل و قوتابخانەی زیاتر دەکات، هەروەها بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی شار پێویستی بە ( 1 ) بنکەی تەندروستی و تەرخانکردنی روبەری ( 5000 م$^2$ ) زەوییە، بە پێی پێوەرە مرۆییەکانیش ناهاوسەنگی لە رەگەزەکانی ئەم خزمەتگوزارییە هەیە لە رووی پزیشك و تەندروستکارانەوە، بەرکەوتەی تاك لە خزمەتگوزاری کارگێری ( 0,4م$^2$ / 1 کەس ) کە کورتهێنانی بەرچاوی هەیە، بەلام بەرکەوتەی تاك لە خزمەتگوزاری ئاینی ( 1م$^2$ ) هەر بۆیە بەتوانایەکی باشەوە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دانیشتوان دەکات، لە دیارترین ئەو ئە نجامانەی توێژینەوە پێی گەیشتوە قەبارەی دانیشتوان لە زیادبوونی بەردەوام دەبێت و بە جێگیری رێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان ( 2,9٪ ) ژمارەی دانیشتوان لە سالی 2025 دەگاتە ( 47622 ) کەس، بۆیە لێرەوە گرنگی پلانسازی زانستی دێتە ئاراوە بەهۆی رۆڵی لە ئاراستەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کورتهێنانەکانی ئێستا و رێکخستنی ئایندە بەمەبەستی هەنگاونان لەگەڵ گەشەی دانیشتواندا.

**پێشەكی :**

شاری ڕزگاری هاوشێوەی شارەكانی تری كوردستان بە قۆناغی پێشكەوتنی ئاوەدانی و شارستانیدا تێپەڕبووە، بۆیە پێویست دەكات لەسەر بنەمای پێوەری زانستی و سەردەمیانە پلانی گونجاو واقیعی دابنرێت بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان بە دانیشتوان، هەموو شارێك لە ڕێگەی كۆمەڵە فرمانێكەوە خزمەتگوزارییەكانی پێشكەش دانیشتوانەكەی و دانیشتوانی هەرێمەكەی دەكات، بەمەبەستی دابینكردنی ئاسایش و ئارامی و ئاستی گونجاوی بژێوی ژیانی شارستانی بۆ دانیشتوان.

توێژەران لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەنە سەر چوار ڕەگەزی گرنگی خزمەتگوزاری شاری ڕزگاری، ئەوانیش خزمەتگوزاری فێركاری و تەندروستی و كارگێڕی و ئاینیە، كە هیچ شارێك ناتوانێت دەستبەرداریان بێت بەو پێیەی یەكەم و دووەمیان بەرپرسن لە پێگەیاندنی تاكێكی ڕۆشنبیر و بەرهەمهێن و تەندروست و سێیەمیان یەكێكە لە فرمانە سەرەكییەكانی شار، كە خزمەت دانیشتوانەكەی و دانیشتوانی هەرێمەكەی دەكات، خزمەتگوزاری ئاینیش لە شاری ڕزگاری، كە تێكڕای دانیشتوانەكەی موسڵمانن دامەزراوەكانی بەشێكی گرنگی ژیانی دانیشتوانەكەی پێكدەهێنن.

**كێشەی توێژینەوە:**

هەروەك ئاماژەمان پێدا خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان ڕۆڵێكی گەورەیان لە ژیانی دانیشتوانی شاردا هەیە هەر ئەمە پاڵنەرە بۆ ئەوەی توێژەران لەسەر ئەو بنەما كێشەكانی توێژینەوە دیاری بكەن لە سێ پرسیاردا:

1- هیچ هاوسەنگییەك هەیە لەنێوان دابەشبوونی خزمەتگوزارییەكان و قەبارە دانیشتوان لە گەڕەكەكانی شاردا؟

2- توانای خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان لە شاری ڕزگاری لە ڕووی خزمەتكردنی دانیشتوانەوە لەچ ئاستێكدایە؟

3- هیچ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان گەشەی دانیشتوان و پێشبینیكردن بۆ ئایندەی خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی زانستی چارەسەری كاتییە، كە توێژەر لەسەر بڕیار و شارەزایی لە بابەتەكەدا دیاری دەكات بۆ چارەسەركردنی كێشەی توێژینەوە، هەربۆیە گریمانە لەسەر دوو ئەگەر وەستاوە:

1- دامەزراوەكانی خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان بەشێوەیەكی ناهەوسەنگ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان دابەش بونەتە سەر گەڕەكەكانی شار.

2- توانای خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان لەیەك ئاستدانیەلە خزمەتكردنی دانیشتوان بەراورد بە پێوەرە پلانسازییەكان.

3- دانیشتوان یەكێكە لە گۆڕاوە كاراكان لە خەملاندنی پێویستییەكانی ئایندەی شار لە خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1- هەڵسەنگاندنێكی زانستی بۆ توانای خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان دەكات لەسەر بنەمای كۆمەڵێك پێوەری زانستی.

2- خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی دۆخـی خزمەتگوزارییـەکان و ڕادەی داواکـاری لەسـەریان بـۆ دەرخسـتنی ئاسـۆی ئایندەیان.


3- لێکۆڵینەوە و چارەسەری ئاستەنگەکانی پێش پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لەسەر بنەمای پلانێکی زانستی .

**سنوری ناوچەی توێژینەوە:**

سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتوە لە سنوری شارەوانی شاری ڕزگـاری ناوەنـدی ناحیـەی ڕزگـاری سـەر بـە قـەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە ئەم شارە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنـەی پـانی ( ¯07 ،¯¯34،40° _ ¯ 02، ¯¯34،39°34°) باکورو هەردوو هێڵـی درێـژی ( ¯24 ، ¯¯44،15° _ ¯13 ، ¯¯44،57°44° ) ڕۆژهـەڵات. سەبارەت بە شوێنی جوگرافی کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژهـەڵاتی هـەرێمی کوردسـتان و ڕۆژهـەڵاتی عێراقـەوە، لـە ڕۆژئـاوا و باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی سەرقەڵا و ناحیەی کۆکس کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربە قەزای کفرین و لە باکورییەوە ناحیەی پێباز و لە ڕۆژهەڵاتییەوە شاری کەلارە، ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینـەوە ( 57،10 ) کـم$^2$، . بڕوانە نەخشەی ( 1 ).

نەخشەی (1)

شوێنی شاری ڕزگاری بە پێی عێراق و هەرێم و قەزای کەلار




سەرچاوە/

کاری توێژەران پشت بەست بە : 1- وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی کشتی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)، 2015.

2- بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.5).

## یەکەم: مێژووی دروستبوونی شاری ڕزگاری :

لە بارەی مێژووی درووستبوونی شاری ڕزگاری دەبێت ئاوڕێك لە ڕابردووی ئەم شارە بدەینەوە، بەو پێیەی کە شاری ڕزگاری درێژە پێدراوی ناحیەی تیلەکۆیە، دوای دروستبوونی قەزای کەلار لە ساڵی (1970ز)حکومەتی عێراق بڕیاری دروستکردنی ناحییەیەکی دا بە ناوی ناحیەی (تیلەکۆ) لە ساڵی (1975)[1]، ئەم ناحیەیە ناوەندەکەی لە گوندی (تیلەکۆی گەورە) بوو، لە درێژەی ئەو سیاسەتە کاولکارییەی کە ڕژێمی عێراق پەیڕەوی دەکرد و لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی گەلی کورد لە ساڵی (1975ز) قۆناغێکی نوێی ڕاگواستنی گوندنشینان لە ساڵی (1987) دەستپێیکرد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە نێویاندا گوندەکانی گەرمیانیش بەر ئەم پرۆسەیە کەوتن، لەو چوار چێوەیەدا ناوەندی ناحیەی (تیلەکۆ)ش ڕووخێنرا و لە شوێنی ئێستای شاری (ڕزگاری) کۆمەڵگەییەك دروستکرا بە ناوی ( مجمع الصمود )[2]، بۆ نیشتەجێکردنی دانیشتوانی گوندنشینی سنوری هەردوو قەزای (کەلار) و(کفری) و هەندێك لە دانیشتوانی گوندەکانی سنوری قەزاکانی (دەربەندیخان و چەمچەماڵ).

لەڕاستیدا هۆکارەکانی پشت هەڵبژاردنی شوێنی شاری (ڕزگاری) هۆکاری ئەمنی و سەربازی بوون، کە مەبەست لێی ئاسان کۆنترۆڵکردنی هەموو جووڵەیەکی دانیشتوانەکەی بوو بە تایبەتی ئەم شوێنە دەکەوێتە دەشتێکی فراوان و لە دوولاوە بە شەقامی گشتی (کەلار-کفری) و (کەلار-تیلەکۆ) دەورە دراوە، هەروەك بەهۆی تەختی شوێنەکە بە ئاسانی دەکرێت هێزی سەربازی تیایدا بلاّوبکرێتەوە، جگە لەوەش کۆکردنەوەی دانیشتوانی گوندنشین بە ئامانجی دابڕینی پێشمەرگەبووە لە دانیشتوانی گوندنشین، کە پشت و پەنای شۆڕشی گەلی کوردستان بوون.


ئەگەرچی لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی(1991) مەترسی لە سەر گەڕانەوەی دانیشتوانی شارەکە نەما بۆ زێدی باوباپیرانیان، بەلاّم بەکاریگەری زۆرێك لە هۆکاری نەرێنی ئابوری و کۆمەلاّیەتی کە لەئەنجامی پرۆسەی ئەنفال دروست بوو دانیشتوان لە شارەکە مانەوە و شارەکە زیاتر فراوان بوو پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، دواتر لە ساڵی (2000) بە فەرمانێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوی شارەکە لە (صمود)ەوە گوڕا بۆ (ڕزگاری).[3] لێرەدا هەوڵ دەدەین شیکردنەوەیەك بۆ بنەما جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین، کە کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە دروستبوونی شار و فراوانبوونی لە قۆناغەکانی دواتر.

### 1- تایبەتمەندییە جوگرافییە سروشتییەکان :

تایبەتمەندییە سروشتییەکان لە هۆکارە کاریگەرەکانە لە هەڵبژاردنی شوێنی شار و کاریگەری بەرچاوی هەیە لە فراوانبوونیدا لە قۆناغەکانی داهاتوودا، لە گرنگترین هۆکارە سروشتییەکان شوێنی شارە، بەدوای ئەوەشدا تایبەتمەندییەکانی جێگەی شار هیچی کەمترنییە لە شوێنی شار کەلە سەرەتایاندا بەرزونزمی ڕووی زەوی دێت ، جوگرافیناسان بایەخ بە شێوەکانی ڕووی زەوی دەدەن وەکو ڕێگایەك بۆ زانینی شێوازی بەرزونزمی و کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی زەوی (Land use) لە شاردا، شاری (ڕزگاری) دەکەوێتە ناوچەیەکی تەخت، کە جیاوازی بەرزی و نزمی ڕووی زەویەکەی لە نێوان (250-290م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بڕوانە نەخشەی (2).

نەخشەی (2)

بەرزی و نزمی (هێڵی كەنتوری) شاری ڕزگاری




سەرچاوە/كاری توێژەران پشت بەست بە: 1- وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی كشتی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)، 2015.

2- بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.5).

بەمەش هیچ لێژییەکی سەخت و ئـاڵۆزی تێدانیـە، کـە ئاسـتەنگی سروشـتی بێـت لـە پـێش دروسـتکردنی دامـەزراوە خزمەتگوزارییەکان و فراوانبوون و کشانی ئاوەدانی لە ئایندەدا.

لە ڕووی ئاووهەواوە شاری (ڕزگاری) هاوینی گەرم و ووشکە و زستانی ساردە و هەندێك جار لافاو ڕوودەدات لە وەرزی باران بارینددا، بەگشتی دەکرێت بڵێن کە ئاووهەوایەکی گەرمەسێری ڕاگوێزراوەیە لە نێوان ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست لە باکوری هەرێمی کوردستان و ئاووهەوای بیابانی لە ناوەڕاست و باشوری عێراق، ئەوەی پەیوەندی بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئاووهەواوە هەیە جیاوازی وەرزی هەیە، هەروەك تێکڕای پلەکانی گەرما لە مانگی تەموز کە گەرمترین مانگەکانی ساڵە (36،9سْ) ئەم تێکڕایە لەمانگی کانونی دووەم کە ساردترین مانگەکانی ساڵە دادەبەزێت بۆ (8،14سْ)[4].

بارانی شاری (ڕزگاری) بارانی وەرزییەو لە کۆتایی وەرزی پایزدا دەست پێدەکات و لە مانگەکانی وەرزی زستان و بەهاردا بەردەوام دەبێت بە ڕێژەی جیاواز ، لە مانگەکانی حوزەیران و تەموز و ئاب و ئەیلول باران بڕان دەبێت و بەرزترین ڕێژەی باران بارینیش لە مانگی کانونی دووەم تۆمارکراوە کە بڕەکەی (78،4ملم) بووە و نزمترین بڕیش لەمانگی ئایاردا تۆمارکراوە کە (8،5ملم) بووە، هەروەك تێکڕای بڕی باران بارین جیاوازە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و هەندێك جار دیاردەی وشکە ساڵیش ڕوودەدات، بەگشتی پشت بە ئاوی باران نابەسترێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوانی شاردا.

سەبارەت بە خاك کە لە هۆکارە کاریگەرەکانە لە سەر دروستبوون و فراوانبوونی شار، ئەوەی لێرەدا گرنگە پێکهاتە و پتەوی خاکە، کە ڕادەی توانا و شیاوی بۆ پرۆسەی بیناسازی و دروستکردن دیاری دەکات ،خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری قاوەیی گەنم ڕەنگە،[5] لە گەڵ خاکی بنکی دۆڵەکان، کە زەمینەیەکی لە باری ڕەخساندووە بۆ دروستکردنی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە سەری و هیچ کاتێك ئاستەنگ نەبووە لە پێشیدا.

درامەتی ئاویش هۆکارێکی تری کاریگەرە، بەڵام لە بەر نەبوونی ئاوی سەر زەوی لە ناوچەکەدا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی شار پشت بە ئاوی ژێر زەوی (بیری قوڵ-ئیرتیوازی) بەستراوە ، کە لە شارەکەدا (41) بیری قوڵ هەیە[6].

## 2- تایبەتمەندییە مرۆییەکان :

دانیشتوانی شاری ڕزگاری گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، سەرەتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی (1977) تێکڕای دانیشتوانی ناحیەکە بە گوندنشین ئەژمارکراون،[7] هەروەها بەهۆی بارودۆخی ناجێگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە لە ساڵی (1987)، کە پرۆسەی ڕاگواستنی گوندنشینان دەستییپێکرد بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان دۆخەکە وایکرد لە سەرژمێری ساڵی (1987) دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەست نیشان نەکرێت، لە ساڵی (2002) ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە (22000) کەس کە ڕێژەی (15.6٪) کۆی دانیشتوانی قەزای کەلار و (19٪) کۆی گشتی شارنشینی قەزاکەیان پێکهێنا.[8]

گومانی تێدا نیە کە هۆکاری بەرزی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی گوندەکانی سنوری قەزاکانی (کەلار و کفری) لە ساڵی (1987) و کۆکردنەوەیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، هەروەها بەشێکی ئەو ژمارە کەمەی دانیشتوانی گوندنشین کە لە شاڵاوی ئەنفالی سێ لە ساڵی (1988) ڕزگاریان بوو لە شاری ڕزگاری نیشتەجێبوون.

هەرچەندە دوای ڕاپەرینی ساڵی (1991) گەلی كوردستان و دامەزراندنی حكومەتی هەرێم لە ساڵی (1992) مەترسییەك نەما لە سەر ژیان لە گوندەكانی سنورەكە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام بەهۆكاری خراپی بارودۆخی ئابووری و وشكەساڵییەوە نەتوانرا گوندەكان ئاوەدان بكرێتەوە بۆیە زۆرێك لە دانیشتوان نەیانتوانی بگەڕێنەوە سەر زێدی باوباپیرانیان.هەر بۆیە ژمارەی دانیشتوان بەردەوام بوو لە هەڵكشان لە ساڵانی دواتردا تاوەكو لە ساڵی (2015) ژمارەی دانیشتوان گەیشتە (35781)[9] كەس، بەجیاوازی (13781) كەس زیاتر لە قۆناغی پێشوو بە گەشەی ساڵانەی ( 3,8٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵە هۆكارێك، جگە لە كاریگەری ڕەگەزەكانی زۆربوونی سروشتی لەوانەش :

1- ئەو گۆڕانكارییە هەمەلایەنەی كە لە ژیانی دانیشتوانی عێراق و هەرێمی كوردستان بە گشتی و لە نێویاندا شاری ڕزگاری بەتایبەتی هاتە ئاراوە لە ئەنجامی پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (2003)، كە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی گەشەیەكی بەرچاوو لە ژیانی شارنشینیدا .

2- خراپی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ئارامی و سەقامگیری ناوچەی لێكۆڵینەوە، كە پاڵنەرێكی گرنگ بوون بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە كوردانی دانیشتوی ئەو ناوچانە كۆچ بكەن و لە شاری ڕزگاری نیشتەجێبن .

3- دابەشكردنی زەوی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ناوچەی لێكۆڵینەوە و پێدانی پێشینەی خانووبەرە و بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەكان بەراورد بە گوندەكانی سنورەكە، كە هۆكاربوو بۆ دروستبوونی كۆچی پێچەوانەی دانیشتوان لە گوندەكانی خۆیانەوە بۆ شاری ڕزگاری.

4- سەرهەڵدانی دیاردەی ووشكە ساڵی و خراپی بارودۆخی دارایی گوندنیشان و دامەزراندنییان لە دام و دەزگا كارگێڕییەكان و ڕیزەكانی هێزەكانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە.

**دووەم : خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان لە شاری ڕزگاری :**

شار باشترین ژینگەیە كە مرۆڤ دروستی كردووە، لە ڕێگەی بەكارهێنانی تواناو لێهاتووی بیركردنەوەیەوە توانی هەموو بارودۆخە سروشتی و مرۆییەكەی ئەو شوێنە بەكاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، شارەكان بایەخیان زیاتردەبێت بە زیاتربوونی گرنگی فرمان وخزمەتگوزارییەكان، كەپێشكەشی دانیشتوانەكەی ودانیشتوانی ناوچەكانی دەوروبەری دەكات.[10] چونكە كەرتی خزمەتگوزاری بایەخێكی دیاری هەیە لە كۆی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری و كۆمەڵایەتی، سەرچاوەی ئەم گرنگییەش پشت بەستنە بە ڕۆڵی چالاكییە خزمەتگوزارییەكان لە پێشخستن و بنیاتنانی تواناكانی مرۆڤ وئاستی بەرهەمهێنان.[11]

ئەوخزمەتگوزارییانەی شار پێشكەشی دانیشتوانەكەی دەكات لەسەر چەندین بنەما پۆلێن دەكرێن، كە پەیوەندی بە جۆری خزمەتگوزاری و سەرچاوەی بەرپرس لێی و جیاوازی پسپۆڕییەكان دەبەستێت، خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان[*] بەشێكی گرنگی ئەو خزمەتگوزارییانە پێكدەهێنێت، كە شار پێشكەشی دانیشتوانەكەی دەكات، ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری ڕزگاری ڕووبەرێكی دیاریكراو لە ڕووبەری ئاوەدانی ناوچەی لێكۆڵینەوە داگیردەكات، دەبێت ئەوە بگوترێت كە ئەو ڕووبەرەی خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان داگیری دەكەن بەهای ڕاستەقینەی

خزمەتگوزارییەکان نییە چ لە ڕووی ئابوری یاخود کۆمەلآیەتییەوە بێت، چونکە هۆکارە ئابورییەکان کاریگەرییان هەیە لە دابەشکردنییان لە شارەکەدا.

بەسەرنج دان لە خشتەی ( 1 )، کە تایبەتە بە زانیاری دەربارەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری ڕزگاری دەبینین ئەم خزمەتگوزارییانە ڕووبەری ( 52،17 ) هێکتار لە کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە داگیردەکەن، لە کۆی ئەم ڕووبەرە خزمەتگوزاری فێرکاری زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە کە ( 63،11 ) هێکتارە بە ڕێژەی ( 4،66٪ )ی ڕووبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان، دوای ئەوەش خزمەتگوزاری ئاینی دێت ، کە بە ڕووبەری ( 64،3 ) هێکتارو بەڕێژەی ( 8،20٪ ) و دواتر خزمەتگوزاری کارگێری بە ڕووبەری ( 28،1 ) هێکتار و بە ڕێژەی ( 30،7٪ ) کۆی گشتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان پێکدەهێنن، لە کۆتاییدا خزمەتگوزاری تەندروستی بە ڕووبەری ( 97،0 ) هێکتار و بە ڕێژەی ( 5،5٪ ) پشکی لە ڕووبەرە گشتییەکە هەیە.

خشتەی ( 1 )

ڕووبەر و ڕێژەی سەدی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری ڕزگاری ساڵی 2015

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | ڕووبەر/ هێکتار | ڕێژەی سەدی ( ٪ ) لە کۆی ڕووبەر |
|---|---|---|---|
| 1 | خزمەتگوزاری فێرکاری | 63،11 | ٪4،66 |
| 2 | خزمەتگوزاری تەندروستی | 97،0 | ٪5،5 |
| | خزمەتگوزاری کارگێری | 28،1 | ٪30،7 |
| 2 | خزمەتگوزاری ئاینی | 64،3 | ٪8،20 |
| کۆی گشتی | | 52،17 | ٪100 |

سەرچاوە : سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری، هۆبەی هونەری، زانیاری بلآونەکراوە، 2016.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وردەکاری هەریەك لەو خزمەتگوزارییانەی ئاماژەمان پێدان لێرەدا باسی هەریەکەیان بە جیا دەکەین :

1- خزمەتگوزاری فێرکاری :

ئەم خزمەتگوزارییە گرنگییەکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکییە لە گۆڕانکاری بەرەو ئایندەیەکی باشترو لە پەڕینەوە لە دواکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتن، هەروەها لە ئاماژە گرنگەکانە، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر توانای تاکەکان لە ڕووی بیرکردنەوەی ڕێکخراو و ئە نجامدانی گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیری، کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی.[12]

خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری ڕزگاری پێکهاتووە لە ( 20 ) دامەزراوەی فێرکاری، کە ئەم دامەزراوانە چەند ڕەگەزێکی پێکەوەگرێدراون و تەواوکەری یەکترن، کە لە باخچەی منالآنەوە دەست پێدەکات و خزمەتی منداڵان دەکات لە تەمەنی نێوان ( 4-5 ) ساڵ پاشان قۆناغی بنەڕەتی بو تەمەنی نێوان ( 6-14 ) و دواتریش ئامادەیی بۆ

تەمەنی نێوان (15-17). خشتەی (2) و نەخشەی (3) زانیاری دەربارەی دامەزراوە فێركارییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ ساڵی خوێندنی (2015-2016) ڕوون دەكاتەوە .

**خشتەی (2)**

**دامەزراوە فێركارییەكانی شاری ڕزگاری بۆ ساڵی خوێندنی (2015-2016)**

| ژ | جۆری دامەزراوەی فێركاری | ژمارەی دامەزراوە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی خوێندكار | ژمارەی هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منالآن | 2 | 20 | 270 | 8 |
| 2 | قوتابخانەی بنەڕەتی | 12 | 501 | 8657 | 274 |
| 3 | قوتابخانەی ئامادەیی | 6 | 186 | 2529 | 93 |
| | كۆی گشتی | 20 | 707 | 11726 | 375 |

سەرچاوە : حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار، هۆبەی ئامار، زانیاری بلآونەكراوە، ساڵی 2016.

**2- خزمەتگوزاری تەندروستی :**

خزمەتگوزاری فێركاری لایەنێكی گرنگی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی دانیشتوانە، دەستوری نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ تەندروستی ئاماژە بەلایەنی تەندروستی دەكات وەكو ئامانجێكی كۆمەڵایەتی، كە بایەخ بە مرۆڤ دەدات وەكو بونەوەرێكی تەواو لە ڕووی جەستەیی و بیركردنەوە و دەروونی و كۆمەڵایەتیەوە، هەروەها پێشكەوتنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەر وڵاتێكدا ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشكەوتنێتی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی تەندروستی گشتی لە نێوان نەوەكانیدا.[13]

خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان لە شاری ڕزگاری پێكهاتووە لە بنكە تەندروستییەكان، كە ئامانجییان دابینكردنی خۆپاراستن و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری چارەسەرییە بۆ دانیشتوان، وە پێویستە گرەنتیی خزمەتكردنی دانیشتوان بكات لە دوو ڕووەوە ئەوانیش :

أ- ئاسانی گەیشتن : واتا گونجاوبێت بۆ دانیشتوان لە پێناو بە دەستهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان[14].

ب- كەمكردنەوەی قەرەباڵغی لەسەر نەخۆشخانە پسپۆری و گشتییەكان لە شاری كەلار لە ڕێگەی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەم بنكە تەندروستییانە لە شاری ڕزگاری.

لە ناوچەی لێكۆڵینەوە (2) بنكەی تەندروستی هەیە كە (10) پزیشك و پزیشكی ددان و (48) تەندروستكار دەوامی تێدا دەكەن بە مەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان بە دانیشتوان، بە تێبینیكردنی خشتەی (3) و گەڕانەوە بۆ نەخشەی (3) دامەزراوە تەندروستییەكان و دابەش بوونیان لە شاری ڕزگاری ڕوون دەبێتەوە .

**خشتەی (3)**

**دامەزراوە تەندروستییەكان لە شاری ڕزگاری**

| ژ | دامەزراوەی تەندروستی | ژمارەی پزیشك | ژمارەی پزیشكی ددان | ژمارەی پزیشكی دەرمانساز | ژمارەی تەندروستكار |
|---|---|---|---|---|---|


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بنکەی تەندروستی گەرمیان | 3 | 2 | - | 24 |
| 2 | بنکەی تەندروستی شەهید د.قاسم | 3 | 2 | - | 24 |
| | کۆی گشتی | 6 | 4 | - | 48 |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن بە : 1-بنکەی تەندروستی گەرمیان، زانیاری بلاّو نەکراوە، 2016.

2-بنکەی تەندروستی شەهید د.قاسم ، زانیاری بلاّو نەکراوە، 2016.

نەخشەی (3)

دابەشبوونی دامەزراوە فێرکاری و تەندروستییەکان لە شاری ڕزگاری بۆ ساڵی (2015)




سەرچاوە : كاری توێژەران پشت بەست بە 1- بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.5).

2- سەردانی مەیدانی.

**3- خزمەتگوزاری ئاینی :**

خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری ڕزگاری خۆی لە مزگەوتەکاندا دەبینێتەوە، کە جگە لەوەی ئەم شوێنانە ئامادەکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکان لە هەمان کاتدا هۆڵیش لە خۆ دەگرێت، کە بۆ ئەنجامدانی هەندێك ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەلایەتی بەکاردێت وەکو پرسە، ژمارەی مزگەوتەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ( 11 ) مزگەوتە و ڕووبەری ( 64،3 ) هێکتار زەوی داگیرکردووە.بڕوانە نەخشەی ( 4 ) .

**4- خزمەتگوزاری کارگێڕی :**

بەو پێیەی شار ناوەندی کارگێڕی هەرێمە کارگێڕییەکەیەتی بۆیە ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە پێشکەشی دانیشتوانەکەی و دانیشتوانی هەرێمەکەی دەکات. دامەزراوە کارگێڕییەکان لە شاری ڕزگاری پێکهاتووە لە فەرمانگەکانی ناحیە و پۆلیس و ڕەگەزنامە و شارەوانی و فەرمانگەی ئاوو هۆبەی کشتوکاڵ و دادگا و بنکەکانی هێزەکانی ناوخۆ، بە سەرنج دان لە نەخشەی ( 4 ) ئەم فەرمانگانە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە سەر شەقامی گشتی ناو شار لە گەڕەکەکانی ( گەرمیان و حەمرین و ئاسودە ) کۆبوونەتەوە و ڕووبەری ( 28،1 ) هێکتاریان داگیرکردووە کە ڕێژەی ( 3،7٪ ) کۆی گشتی خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان پێکدەهێنن .

**سێ یەم : هەڵسەنگاندنی تواناى خزموتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری ڕزگاری :**


دەربارەی چەمکی هەڵسەنگاندن بۆچونی جیاواز هەیە، بۆنمونە (گابن - Gabine ) دەڵێت هەڵسەنگاندن پرۆسەی دیاریکردنی گرنگی ڕێژەیی دیاردەیەکی دیاریکراوە، توێژەر (ئینگلیش - English ) بۆچوونی وایە کە هەڵسەنگاندن پرۆسەی خەملاندنی گرنگی ڕێژەییە لە سایەی پێوەرێکی دیاریکراودا. (15) هەروەها لە تێڕوانینی بۆ چەمکی توانا ( capablity ) بۆچوونی جیاواز هەیە بە پێی جیاوازی تێڕوانینەکان، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە پێناسەی چەمکی توانایە لە لێکۆڵینەوە مرۆییەکاندا لەوانەش جوگرافیا، کە چەمکی توانا وەکو ئاماژەکردنێك بەکار دەهێنێت بۆ چۆنێیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزە مرۆییەکان لەلایەن ئەو دامەزراوانەی کاریان تیادا دەکەن بەشێوازێك دڵنیایی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بکات بە کورتترین کات و کەمترین تێچوون. (16)

هەڵسەنگاندنی تواناى خزمەتگوزارییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری پلانسازی دەکرێت، کە دەتوانین لە پێناسەکردنیدا بڵێین ئەمانە ئامراز یاخود پێوەری هونەریین بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی بڕ و جۆری خزمەتگوزاری پێشنیارکراو بۆ جێگیرکردن لە هەر ژینگەیەکی ئاوەدانکراوەدا بۆ ئەوەی ژینگەیەکی بەردەوام هاوسەنگ بێت بۆ ژیانێکی تەندروست، ئەم پێوەرانە ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی سوودمەندبووان و ڕووبەری یاسایی و سنوری خزمەتگوزاری و تایبە تمەندییەکان لەخۆدەگرێت، لەڕاستیدا ئەم پێوەرانە جیاوازن لە نێوان ولاَتاندا بە پێی بارودۆخی ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاستی پێشکەوتن. (17)

بۆ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنێکی وورد و زانستی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ( توێژەران ) کۆمەڵێك پێوەری ڕووبەر و پێوەری مرۆییان بەکارهێناوە کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقییەوە بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە جێگیرکراون، کە لە دامەزراوەکانی هەرێمدا کاریان پێدەکرێت بەهۆی گونجاویان لەگەڵ توانا ماددی و مرۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

نەخشەی (4)

دابەشبوونی دامەزراوە ئاینی و کارگێڕییەکان لە شاری ڕزگاری ساڵی 2015




سەرچاوە : کاری توێژەران پشت بەست بە 1- بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.5).

2- **سەردانی مەیدانی** .

## 1- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان :

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە لە باخچەی منالآن، قوتابخانە بنەڕەتییەکان، قوتابخانە ئامادەییەکان . دابینکردنی ئەم دامەزراوانە مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە نێوانیاندا، هەروەها پێویستە لێرەدا ڕوونی بکەینەوە کە سیستەمی فێرکاری هەرێم لە قوتابخانەکاندا پێکهاتووە لە دوو قۆناغ ئەوانیش قۆناغی بنەڕەتی، کە لە پۆلی یەك دەست پێدەکات تا پۆلی نـۆ، دواتر قۆناغی ئامادەیی، کە پۆلەکانی دە و یازدە و دوازدە لەخۆدەگرێت. توێژینەوەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی تواناکانیان پێویستی بە کۆمەڵێك پێوەری تایبەت و کارپێکراو هەیە، کە جێبەجێکردنیان پلاندانانێکی دروست و بەکارهێنانێکی نمونەی زەوی لێدەکەوێتەوە، بەلآم لە دامەزراوە بەرپرسەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری پێوەری ڕوون و جێگیرنیە، بۆیە پەنا دەبەینە بەر پێوەرە عێراقییەکان بۆ پێوانەکردنی تواناکانی، ئەگەرچی لە سیستەمی عێراقیدا قوتابخانەی بنەڕەتی نییە بەڵکو سەرەتایی و ناوەندی هەیە، بەلآم لە ولآتانی ناوچەکەشدا کە کار بەسیستەمی بنەڕەتی دەکەن پێوەرەکان بۆ پۆلەکانی یەك بۆ شەش جیاوازە لە پێوەرەکانی پۆلەکانی حەوت بۆ دە وەك لە ولآتی میسر.[18] هەربۆیە ئێمەش بۆ هەڵسەنگاندنی پۆلەکانی یەك بۆ شەش پێوەرە خۆجێییەکان (عێراقییەکان) تایبەت بە قۆناغی سەرەتایی بەکاردەهێنین و بۆ پۆلەکانی حەوت تا نۆ پێوەرەکانی تایبەت بە قۆناغی ناوەندی بەکاردەهێنین .

### أ- پێوەری ڕووبەر[**] :

### 1- باخچەی منالآن :

بۆگەیشتن بەم خزمەتگوزارییە و بەردەستبوونی بۆ هەموو منداڵانی شار بە شێوەیەکی هاوسەنگ، پێوەرە خۆجێیەکان (1) باخچەی دیاریکردووە بۆ هەر ناوچەیەکی نیشتەجێبوون کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بگاتە(5000کەس) بە ڕووبەری (3000-3500م$^2$) ، لەبەر ئەوەی لە ساڵی 2015 لە شاری ڕزگاری (2) باخچەی ساوایان هەیە بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە (5) باخچەی تر و تەرخانکردنی ڕووبەری (15000-17500م$^2$) زەوی دەبێت، بەمەش ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی ئەم پێوەرە کورتهێنانی هەیە لە دامەزراوەی باخچەی منالآن.

### 2- خوێندنی بنەڕەتی :

### - خوێندنی سەرەتایی (1-6) :

هەروەك ئاماژەمان پێدا سەرجەم پێوەرەکان جیاوازن لە نێوان ولآتاندا، لە عەرەبستانی سعودی یەك قوتابخانە دیاریکراوە بۆ هەر (750-1500) کەس[19]، بەلآم پێوەرە خۆجێییەکان بۆ هەر(2500) کەس یەك قوتابخانەی سەرەتایی دیاریکردووە بە ڕووبەری (5000-6000م$^2$)، لە ئێستادا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (9) قوتابخانە هەیە، کە منداڵان لە تەمەنی (6-12) ساڵی دەتوانن سوودمەندبن لێی، بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە (5) قوتابخانەی تر و بە تەرخانکردنی ڕووبەری (25000-30000م$^2$) زەوی دەبێت بۆیان .

- خوێندنی ناوەندی (7-9):

هاوشێوەی بڕگەکانی ڕابردوو پێوەری تایبەت بەم قۆناغە جیاوازە لە نێوان ولآتاندا، لە سعودیە یەك قوتابخانە دیاریکراوە بۆ هەر (1750-3000)، بەلآم پشت بەستن بە پێوەرە خۆجێییەکان، کە (1) قوتابخانەیان بۆ هەر (5000) کەس لە دانیشتوان دیاریکردووە بە ڕووبەری (8000-10000م$^2$)، ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە دامەزراوەی تر نیە بەڵکو ژمارەی دامەزراوەکان بە توانایەکی باشەوە دەتوانن خزمەتگوزاری فێرکردن پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە بکات کە ئاما نجیەتی خزمەتیان بکات لە شاردا .

3- خوێندنی ئامادەیی :

پێوەرە خۆجێییەکان (1) خوێندنگەیان دیاریکردووە بۆ هەر (10000) کەس لە دانیشتوان بەڕووبەری (10000-12000)، لە ئێستادا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (6) خوێندنگەی ئامادەیی هەیە، بەمەش ئەو ژمارەیەی کە هەیە پێویستی دانیشتوانی شارەکە دابین دەکات.

ب- پێوەرە مرۆییەکان :

بۆ ئەوەی ووردتر و جیاوازتر هەڵسەنگاندن بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری بکەین پەنا دەبەینە بەر پێوەرە مرۆییەکان تاوەکو وێنەیەکی وردتری توانای ئەم خزمەتگوزارییەمان پێبدات، ئەویش لە سەر بنەمای (زانینی ژمارەی قوتابی/خوێندکار، ژمارەی مامۆستا، ژمارەی هۆبەکانی هەر قۆناغێك)

1- باخچەی منالآن :

أ- پێوەری (منداڵ/ مامۆستا):

ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵەکان بۆ هەر مامۆستایەك لە باخچەکاندا، پێوەرە پلانسازییەکان (18) منداڵیان بۆ هەر مامۆستایەك دیاریکردووە لە باخچەی منالآندا، لە دامەزراوەکانی شاری ڕزگاری وەکو لە خشتەی (4) دا هاتووە بەرکەوتەی هەر مامۆستایەك (13) منداڵە و بەمەش ئەو دۆخەی کە هەیە لە بەرژەوەندی پێوەرە پلانسازییەکاندایە.وە هێشتا (5) منداڵ کەمترە لەو پێوەرەی کە دیاریکراوە.

ب- پێوەری (منداڵ / پۆل) :

ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵەکان بۆ هەر پۆلێك، کە ئەمەش پێوەرێکی گرنگە و ژینگەی گونجاو بۆ منداڵەکان دابیندەکات، تا بتوانن سوودمەندبن لە خزمەتگوزاری ئەم قۆناغە، لە ولآتە پێشکەوتووەکاندا (25) قوتابی دیاریکراوە بۆ هەر پۆلێك، هەروەها لە ولآتە تازە گەشەسەندووەکاندا دەگاتە نێوان (37-48) قوتابی، وەك هندستان، لە عێراق پێوەرەکان (20) منداڵیان دیاریکردووە بۆ هەر پۆلێك لەم قۆناغە، بەڵام لە باخچەکانی شاری ڕزگاری هەر پۆلێك (33) منداڵ لە خۆ دەگرێت وەك لە خشتەی (4) هاتووە، ئەمەش کورتهێنانە و هەر پۆلێك زیاتر لە پێوەرەکە منداڵی تیادایە بۆیە پێویستە پۆلی زیاتر بکرێتەوە لە باخچەکاندا،بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

ج- پێوەری ( منداڵ / باخچە ) :

ئەم پێوەرە ژمارەی منداڵەکان بۆ هەر باخچەیەك ڕوون دەکاتەوە، واتە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (4- 5 ) ساڵدایە، پێوەرە خۆجێییەکان (100-120 ) منداڵیان دیاریکردووە بۆ هەر باخچەیەك، بە تێبینی کردنی خشتەی (4) دەردەکەوێت کە هەر باخچەیەك (135) منداڵ لە خۆ دەگرێت لە شاری ڕزگاری، بەمەش ئەم باخچانە کورتهێنانیان هەیە بە پێی پێوەرەکان بۆیە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر توانای دامەزراوەکان.

خشتەی (4)

هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری ڕزگاری بە پێی پێوەرەکانی پلانسازی

| ژ | قۆناغی خوێندن | جۆری پێوەر | پێوەری پلانسازی | دۆخی ئێستا | جیاوازی نێوان پێوەر و دۆخی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منالان | منداڵ / مامۆستا<br>منداڵ / پۆل<br>منداڵ / باخچە | 18<br>20<br>120 | 13<br>33<br>135 | - 5<br>+ 13<br>+ 15 |
| 2 | خوێندنی سەرەتایی (1-6) | قوتابی/مامۆستا<br>قوتابی/ پۆل<br>قوتابی/ قوتابخانە | 25<br>36<br>360 | 18<br>32<br>504 | - 7<br>- 4<br>+ 244 |
| 3 | خوێندنی ناوەندی (7-9) | خوێندکار/ مامۆستا<br>خوێندکار / پۆل<br>خوێندکار/ خوێندنگا | 25<br>30<br>360 | 16<br>30<br>260 | - 9<br>/<br>- 100 |
| 4 | خوێندنی ئامادەیی | خوێندکار/ مامۆستا<br>خوێندکار / پۆل<br>خوێندکار/ خوێندنگا | 25<br>30<br>480 | 13<br>27<br>421 | - 12<br>- 3<br>- 59 |

سەرچاوە : کاری توێژەران پشت بەست بە :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، هۆبەی ئامار، زانیاری بلاَونەکراوە، ساڵی 2016.

2- پێوەرەکانی پلانسازی وەرگیراوە لە : علی لفتة سعيد، تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية فى مدينة الحيدرية، مجلة البحوث الجغرافية، العدد19، 2011، ص234.

2- خوێندنی بنەڕەتی :

- خوێندنی سەرەتایی ( 1-6 ):

أ- پێوەری ( قوتابی / مامۆستا ) :

ئاماژەیە بۆ ژمارەی قوتابییەکان بۆ هەر مامۆستایەك، بە گەڕانەوە بۆ خشتەی ( 4 ) پێوەرە خۆجێییەکان ( 25 ) قوتابی دیاریکردووە بۆ هەر مامۆستایەك لەم قۆناغەدا، لە شاری ڕزگاری ( 18 ) قوتابی ئەم قۆناغە بەرکەوتەی مامۆستایەك دەبێت، ئەم ژمارە گونجاوە، چونکە کەمترە لەو ڕێژەییەی کە لە پێوەرەکەدا هاتووە، بێگومان ئەگەر ئەو ژمارە زیاتر بوایە لە پێوەرەکە کاریگەری خراپی دەبوو لە سەر توانای گەیاندنی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان.

ب- پێوەری ( قوتابی / پۆل ) :

بە پێی ئەم پێوەرە، کە ئاماژەیە بۆ ژمارەی قوتابییەکان لە پۆلێکدا ( ئەو شوێنەی تەرخانکراوە قوتابییەکان زانستی تیادا فێربن )، ( 36 ) قوتابی دیاریکراوە بۆ هەر پۆلێك ، بەلاّم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی هەر پۆلێك ( 32 ) خوێندکاری تیادایە ( گەڕانەوە بۆ خشتەی 4 )، بەمەش ژینگەیەکی گونجاوی فەراهەم کردووە بۆ قوتابییەکان و خزمەتگوزارییەکان تا بەتوانایەکی باشەوە پێشکەش بکرێت.

ج- پێوەری ( قوتابی / قوتابخانە ) :

ئاماژەیە بۆ ژمارەی قوتابییەکان لە قوتابخانەیەکدا، قوتابخانە ئەو دامەزراوەیە کە قوتابیان و مامۆستایانی تێدا کۆدەبێتەوە، سەرەڕای کارگێڕی و پۆلەکان و گۆڕەپانی یاری و باخچەو ...هتد، بە پێی پێوەرە خۆجێییەکان قوتابخانەیەك دیاریکراوە بۆ هەر ( 360 ) قوتابی، وەك لە خشتەی ( 4 ) دیارە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لە شاری ڕزگاری کورتهێنانی قوتابخانە سەرەتاییەکانمان بۆ دەردەخات، کە هەر قوتابخانەیەك ( 504 ) قوتابی بەردەکەوێت، ئەم ژمارە زۆرەش کاریگەری نەرێیی هەیە لە سەر توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە، بۆیە پێویستە ژمارەیەکی زیاتر قوتابخانەی سەرەتایی هەبێت، تاوەکو دانیشتوانی شارەکە بتوانن بە هاوسەنگی سوود لەم خزمەتگوزارییە ببینن.

- خوێندنی ناوەندی ( 7-9 ) :

أ- پێوەری ( قوتابی / مامۆستا ) :

پێوەرە خۆجیێ ییەکان بۆ قۆناغی ناوەندی ( 25 ) قوتابی دیاریکردووە بۆ هەر مامۆستایەك، لە قوتابخانەکانی شاری ڕزگاری ( 16 ) قوتابی بەرکەوتەی هەر مامۆستایەکە، بەمەش کاریگەری ئەرێیی دەبێت لە سەر توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بۆ قوتابیەکان .

ب- پێوەری ( قوتابی / پۆل ) :

گونجاوی ژمارەی قوتابییەکان لە پۆلێکدا هاوکارە لە سوودمەندبوونی هەموو قوتابییەکان لە خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی زۆر باش، ژمارەی قوتابییەکان لە هەر پۆلێکدا ( 30 ) قوتابییە بەپێی ئەم پێوەرە، بە تێبینی

كردنی خشتەی (4) لە قوتابخانەكانی شاری ڕزگاری هەر پۆلێك (30) قوتابی تێدایە،كە ئەمەش هاوشێوەی پێوەری ئاماژەپێكراوە .

ج- پێوەری (قوتابی / قوتابخانە) :

ژمارەی قوتابییەكانی قوتابخانەكانمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، بەپێی ئەم پێوەرەش (360) قوتابی دیاریكراوە بۆ هەر قوتابخانەیەك، لە قوتابخانەكانی شاری ڕزگاری بۆ ئەم قۆناغە تێكڕایی ژمارەی قوتابییەكانی هەر قوتابخانەیەك (260) قوتابییە، كە ئەمەش كاریگەری ئەرێنی هەیە لە سەر توانای پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان.

3- خوێندنی ئامادەیی :

أ- پێوەری (خوێندكار / مامۆستا):

ئەم پێوەرە گرنگییەكی گەورەی هەیە كە تێیدا ژمارەی گونجاو لە خوێندكار دیاری دەكات بۆ هەر مامۆستایەك، هەروەك لە خشتەی (4) دەردەكەوێت، بە پێی پێوەرە خۆجێییەكان (25) خوێندكار دیاریكراوە بۆ هەر مامۆستایەك، بەڵام لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا (13) خوێندكار بەركەوتەی هەر مامۆستایەك دەبێت، كە ئەمەش توانای خزمەتگوزارییەكە ڕوون دەكاتەوە بۆ توانای پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكە بە لێهاتووییەوە.

ب- پێوەری (خوێندكار/ پۆل) :

ئاماژەیە بۆ ژمارەی خوێندكارەكان لە هەر پۆلێكدا، بە پێی پێوەرە خۆجێییەكان (30) خوێندكاری دیاریكردووە بۆ هەر پۆلێك، بە پێی ئەم پێوەرە خزمەتگوزارییەكە توانای گەیاندنی ئامانجەكەی بە باشیی هەیە، چونكە ژمارەی خوێندكارەكان لە شاری ڕزگاری ناگات بە ژمارەی ستانداری پێوەرە خۆجێییەكە وەك لە خشتەی (4)دا هاتووە.

ج- پێوەری (خوێندكار/ خوێندنگا) :

ئەم پێوەرە ڕێژەی خوێندكارمان لە هەر خوێندنگەیەكدا بۆ ڕوون دەكاتەوە، بە پی پێوەرە خوجێییەكان (480)خوێندكار دیاریكراوە بۆ هەر خوێندنگایەك، بەگەڕانەوە بۆ خشتەی (4) لە ناوچەی لێكۆڵینەوە هەر خوێندنگایەك (421) خوێندكار لەخۆدەگرێت، ئەمەش هاوكارە بۆ ئەوەی لە توانای دامەزراوەكە كەم نەكاتەوە لە گەیاندن و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان بەشێوەیەكی هاوسەنگ بە تاكەكانی شار .

2- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان :

پێویستی مرۆڤ بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستییەكی بنەڕەتییە، كە پەیوەندییەكی پتەوی بە پەرەپێدانی مرۆییەوە هەیە، بەهۆی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ژیانی دانیشتوانی شاری ڕزگاری توێژەران پشت بەستن بە چەند پێوەرێك هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەم خزمەتگوزارییە كردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- پێوەری ڕووبەر :

ڕووبەر یەكێكە لە پێوەرە گرنگەكانی هەڵسەنگاندنی توانای دامەزراوە تەندروستییەكان، لەبەر گرنگی ڕۆڵی لە دابینكردنی شوێنی فراوان و گونجاو بۆ هۆڵ و شوێنی مانەوەی نەخۆش و باخچە و ڕووبەری سەوزایی، كە جگە لەوەی ژینگەیەكی تەندروست و پاك و خاوێنە لە هەمان كاتدا ئارامی بۆ نەخۆش فەراهەم دەكات، لە شارەكاندا بۆ خزمەتكردنی دانیشتوانەكەی لە ڕووی تەندروستییەوە بنكەیەكی تەندروستی دیاریكراوە بۆ هەر(10000) كەس

لە دانیشتوان بە ڕووبەری ( 5000م$^2$ )[20]، کەواتە پێویستە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (3) بنکەی تەندروستی هەبێت بە ڕووبەری ( 15000م$^2$ )، بۆیە بە بەراوردکردنی ئەم ژمارانە لە گەڵ ژمارەی بنکە تەندروستییەکانی شاری ڕزگاری، ناوچەکە پێویستی بە ( 1 ) بنکەی تەندروستی تر هەیە لەگەڵ تەرخانکردنی ڕووبەری ( 5000م$^2$ ).

ب- پێوەرە مرۆییەکان (***) :

1- تێکڕایی ژمارەی پزیشك بۆ دانیشتوان :

ڕێژەی ژمارەی پزیشك جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەمەش لە ئە نجامی جیاوازی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە هاتووەتە ئاراوە، لە وڵاتە پیشەسازییەکان ( 1 پزیشك/400-800کەس ) لە دانیشتوان دیاریکراوە ئەم ڕێژە لە وڵاتە تازە گەشەندوەکاندا دەگاتە ( 1 پزیشك/ 2000- 60000 کەس )[21]، بۆیە پەنابردن بۆ پێوەرە خۆجێییەکان زیاتر واقیعیە، بە پێی پێوەرە عێراقییەکان ( 1 ) پزیشکی دیاریکردووە بۆ هەر ( 1000 ) کەس لە دانیشتوان، لەسەر ئەم بنەمایە هەر پزیشکێك لە شاری ڕزگاری، کە ژمارەیان ( 6 ) پزیشکە خزمەتی ( 5941 ) کەس دەکات، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر بەرزە و فشارێکی زۆر دەخاتە سەر پزیشکەکان و لە ئە نجامدا کاریگەریی نەرێنی دەبێت لە سەر توانای خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوانی شاری ڕزگاری .

2- س

پشت بەستن بە پێوەرە عێراقیەکان، کە پزیشکێکی دەرمانساز و یاریدەدەرێکی دیاریکردووە بۆ هەر ( 20000 ) کەس[22] لە دانیشتوان، دامەزراوە تەندروستییەکانی شاری ڕزگاری لەم ڕووەوە کورتهێنانێکی تەواویان هەیە لەبەر نەبوونی پزیشکی دەرمانساز، بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم ڕووەوە پێویست بە ( 2 ) پزیشکی دەرمانسازی و هەمان ژمارە یاریدەدەری دەرمانساز هەیە تاوەکو بتوانرێت وەك پێویست خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوانی شارەکە بکرێت .

3- تێکڕایی ژمارەی تەندروستکاران بۆ دانیشتوان :

بوونی ئەم توێژە لە دامەزراوە تەندروستییەکان ئاماژەیە بۆ تەواویی کۆڵەکەکانی دامەزراوەی تەندروستی، کە بە سوودی خزمەتکردنی زیاتری ژیانی دانیشتوانە، بە پێی پێوەرەکان بۆ هەر ( 400-500 ) کەس لە دانیشتوان تەندروستکارێك دیاریکراوە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هەر ( 727 ) کەس لە دانیشتوان یەك تەندروستکاری بەردەکەوێت، ئەمەش نا هاوسەنگییەکی ڕوون و دیارە بەراورد بە پێوەری ئاماژە پێکراو.

4- تێکڕایی ژمارەی پزیشکی ددان بۆ دانیشتوان :

ژمارەی پزیشکی ددان لە شاری ڕزگاری ( 4 ) پزیشکە، واتا تێکڕای ئەم توێژە لە پزیشك بۆ ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕزگاری دەگاتە ( 1 ) پزیشك بۆ هەر ( 8911 ) کەس لە دانیشتوانی شار، کە ئەمە ڕێژەیەکی باشە بەراورد بە پێوەری پلانسازی، کە ( 1 ) پزیشکی ددانی بۆ هەر ( 10000 ) کەس لە دانیشتوان دیاریکردووە .

لە کۆتایی ئەم هەڵسەنگاندنە دەگەینە ئەو ئە نجامەی، کە شاری ڕزگاری نەگەیشتوەتە ئاستی پێویست لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەهۆی ناهەوسەنگی لە دابینکردنی دامەزراوە تەندروستییەکان

بەرامبەر ژمارەی دانیشتوان و کەمی ژمارەی پزیشکی پسپۆر و تەندروستکاران لە ناوەندەکاندا، کە ئەمانە ڕەنگدانەوەی کورتهێنانە لە پلانی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئامانجە کۆمەلاَیەتی وئابورییەکان.

3- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکان :

پشت بەستن بە پێوەرەکانی پلانسازی،خزمەتگوزاری کارگێڕی لە شاری ڕزگاری کورتهێنانێکی بەرچاوی تۆمارکردووە، بەوپێیەی کە بەرکەوتی هەر تاکێك لە دانیشتوان بە پێی پێوەرەکە ( 5،1م$^2$/ 1کەس )[23]، بەلاَم لە شاری ڕزگاری بەدابەشکردنی کۆی ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی شار ئەم بەرکەوتە بۆ هەر تاکێك دادەبەزێت بۆ ( 4،0 م$^2$/ 1کەس )، بێگومان ئەم کورتهێنانەش کاریگەری نەرێیی دەکاتە سەر توانای پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لە خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی خێرایی ڕاپەڕاندنی مامەڵە و ئیش و کارەکان هاولاَتیان.

4- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە ئاینییەکان :

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان بە ڕوونی گەیشتین بەو ئەنجامەی کە خزمەتگوزاری ئاینی بە شێوەیەکی بەرچاو بە لێهاتوویییەوە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە دانیشتوانی شاری ڕزگاری دەکات، بە تایبەتی ئەگەر بزانیین بە پێی پێوەرەکانی پلانسازی بۆ هەر تاکێك لە دانیشتوانی شار ( 0,125م$^2$ )[24] لە زەوی دیاری کراوە، بەلاَم لە شاری ڕزگاری بەرکەوتەی تاك زۆر بەرزەو گەیشتووە بە ( 1م$^2$ ) لە زەوی بۆ هەر تاکێك.

**چوارەم: ئایندەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لەشاری ڕزگاری تا ساڵی 2025 :**

دەکرێت لەسەر بنەمای پێویستییەکانی دانیشتوانی شاری ڕزگاری پێویستییەکانی ئایندەی شار لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان دیاری بکەین، خۆئامادەکردن بۆ ئەگەرەکانی ئایندە پێویستە بۆ هەنگاونان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەدادێن و بۆ لەخۆگرتنی پێویستییەکانیان بە پێی ئەو گۆڕانکارییانە، ئەم خۆئامادەکردنە دەکەوێتە بواری پلاندانانەوە، هەروەك ڕوونە پلاندانان ئەو وێنە خوازراوەیە، کە دەخوازین لە ئایندەی هەر دیاردەیەکی پلان بۆ داڕێژراودا ببینین، بۆیە ئامانجی توێژەران لێرەدا چارەسەرکردنی کورتهێنانەکانی خزمەتگوزارییەکانی شاری ڕزگارییە کە لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتن، هەروەها دۆزینەوەی هاوسەنگییە لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و خزمەتگوزارییەکان لە ئایندە، بۆئەو مەبەستە سەرەتا دەبێت پێشبینی دانیشتوان بکەین لە ساڵی مەبەست ( 2025 ) .

پێشبینیکردنی دانیشتوان جۆرێکە لە پلاندانان، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی قەبارەی دانیشتوان دەکرێت بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو، گرنگی ئەم پێشبینیکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ژمارەی دانیشتوان لەسەر پلاندانان، چونکە مرۆڤ داڕێژەر و جێبەجێکاری پلانەکەیە و ئامانج لە پلانەکەش هەر خودی مرۆڤ خۆیەتی

.

پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت پێشبینیکردن بۆ ئایندەی دانیشتوان لەسەر بنەمای جێگیربوونی گۆڕاوەکان دەکرێت، هەروەها ئەم پێشبینیکردنە دەبێت بۆ ماوەیەکی واقیعی بێت، چونکە تاوەکو ماوەکە درێژتربێت پێشبینیکردن بەهێزی خۆی لەدەست دەدات، بە گشتی توێژەران ماوەی ( 20- 25 ) ساڵ بە ماوەیەکی گونجاو دەزانن[25]، لێرەدا ماوەی ( 10 ) ساڵ دیاری دەکەین واتا ساڵی 2025 بە ساڵی مەبەست دیاری دەکەین، لەسەربنەمای تێکڕای گەشەی

سالانەی (2,9٪)، كە لە ئێستادا لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێمەوە كار بەم رێژە دەكرێت[26] و بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2015، كە (35781) كەسە و بە پێی هاوكێشەی پێشبینیكردن****، قەبارەی دانیشتوانی شاری ڕزگاری لە ساڵی (2025) دەگاتە (47622) كەس .ئەم زۆربونە لە ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە زۆربونێكی هاوشێوەیە لە بڕو و جۆری خزمەتگوزارییە كۆمەڵگەییەكان، كە پێویستە شاری ڕزگاری لە رێگەی پرۆسەی پلاندانانی ئاوەدانییەوە لە ئاینده لەخۆی بگرێت.

## 1- خەملاندنی پێویستییەكانی شار لە خزمەتگوزارییە فێركارییەكان:

### أ-باخچەی منداڵان:

پێوەرە پلانسازییەكان لەسەر بنەمای (1 باخچە/ 5000 كەس) بنیات نراوە بە ڕووبەری (3000- 3500 م$^2$)، لە شیكردنەوەی دۆخی خزمەتگوزاری فێركاری لە شاری ڕزگاری دەركەوت كورتهێنان هەیە لە ساڵی خوێندنی (2015-2016) بەهۆی بونی تەنها (2) باخچە لە ڕاستیدا ئەم كورتهێنانە كاردەكاتە سەر هاوسەنگی نێوان ژمارەی دانیشتوان و خزمەتگوزارییەكە ئەگەر بەم شێوە بەردەوام بێت، ناوچەی لێكۆڵینەوە لەساڵی بنەڕەت پێویستی بە (5) باخچە هەیە هەروەها تا ساڵی مەبەست پێویستی بە (2) باخچەی تر دەبێت و بە تەرخانكردنی ڕووبەری (21000- 24500 م$^2$) بۆ چارەسەركردنی كورتهێنانی ئێستا و پێویستی ئاینده.

### ب-خوێندنی بنەڕەتی:

#### -پۆلی (1-6):

بە پێی پێوەرە پەیڕەوكراوەكان لە توێژینەوەكەدا (1) قوتابخانە دیاریكراوە بۆ هەر كۆمەڵگەیەكی دانیشتوان ژمارەیان بگاتە (2500) كەس، لە ساڵی خوێندنی (2015-2016) لە شاری ڕزگاری (9) قوتابخانە هەیە لە كاتێكدا پێویستە (14) قوتابخانە هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا و پێشبینییەكان بۆ ئاینده ناوچەی لێكۆڵینەوە پێویستی بە (10) قوتابخانەی تر و ڕووبەری (50000- 60000 م$^2$) دەبێت بەمەبەستی چارەسەركردنی كورتهێنانی ئێستا و پڕكردنەوەی داواكارییەكانی ئاینده لە ساڵی 2025 .

#### -پۆلی (7-9):

هەروەك ئاماژەمان پێدا لە ناوچەی لێكۆڵینەوە (9) قوتابخانە هەیە، بەپێی پێوەرەكان (1) قوتابخانە دیاریكراوە بۆ هەر كۆمەڵگەیەكی دانیشتوان كە ژمارەیان بگاتە (5000) كەس، هەر بۆیە لە ساڵی (2015-2016) هیچ كورتهێنانێك نییە لەم خزمەتگوزارییە، بەهەمان شێوە لە ساڵی 2025 ئەم ژمارە قوتابخانەی كە هەیە دەتوانێت پێویستییەكان دابین بكات.

### ج- خوێندنی ئامادەیی:

پێوەرە خۆجێییەكان (1) خوێندنگەیان دیاریكردوە بۆ هەر (10000) كەس لە دانیشتوانی شار، لە شاری ڕزگاری (6) خوێندنگەی ئامادەی هەیە لە ساڵی (2015-2016)، بۆیە ئەم ژمارە دەتوانێت پێویستییەكانی شار لە ساڵی 2025 دابین بكات.

## 2- خەملاندنی پێویستییەكانی شار لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان:

**أ- ژمارەی بنكە تەندروستییەكان:**

به پێی قەبارەی دانیشتوانی پێشبینیكراو تا ساڵی 2025 دانیشتوانی شاری ڕزگاری ناگاتە ئەو ژمارەی كە بە پێی پێوەرەكان نەخۆشخانەیان بۆ دیاری كردوە، چونكە (1 نەخۆشخانە/ 50000كەس) لە دانیشتوان دیاریكراوە[27]، بەلاّم بەنیسبەت بنكەی تەندروستییەوە ناوچەی لێكۆڵینەوە پێویستی بە (3) بنكەی تەندروستی تر هەیە لەگەڵ ئەو دوو بنكەی كەئێستا هەیە دەگاتە (5) بنكە، هەروەها پێویستی بە تەرخانكردنی ڕووبەری (15000 م$^2$) بۆ چارەسەركردنی كورتهێنانی ئێستا و پێویستییەكانی ئایندە.

**ب-كادری پزیشكی و تەندروستكار:**

پێشبینیكردن یاخود خەملاّندنی پێداویستی شار لە دامەزراوە تەندروستییەكان تەواونابێت ئەگەر خەملاّندن بۆ ژمارەی پزیشك و تەندروستكاران نەكرێت، كە پێویستە لەو دامەزراوانە كاربكەن، بەنیسبەت پزیشكەوە شار پێویستی بە (47) پزیشك هەیە لە ساڵی 2025 واتا بە (41) پزیشك زیاتر لە ساڵی بنەڕەت.

بەنیسبەت پزیشكی ددان هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پێوەرەكان (1 پزیشكی دیاریكردووە بۆ 10000 كەس) بۆیە پێویستی شار دەگاتە (5) پزیشك بە جیاوازی (1) پزیشك زیاتر لەساڵی بنەڕەت، هەروەها پێویستی شار بۆ پزیشكی دەرمانساز دەگاتە (2) پزیشك و (2) یاریدەدەری دەرمانساز.

یەكێكی تر لە ڕەگەزە گرنگەكانی خزمەتگوزاری تەندروستی، توێژی تەندروستكارانە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پێوەرە عێراقییەكان (1) تەندروستكاری دیاریكردوە بۆ (400-500) كەس لە دانیشتوانی شار، كورتهێنان هەبوو بە پێی ئەم پێوەرە لە ناوچەی لێكۆڵینەوە لە ساڵی بنەڕەت، بۆ چارەسەركردنی كورتهێنانی ئێستا و پێویستی دانیشتوان لە ساڵی 2025 ناوچەی لێكۆڵینەوە پێویستی بە (119- 95) تەندروستكار هەیە.

**3- خەملاّندنی پێویستییەكانی شار لە خزمەتگوزارییە كارگێڕییەكان:**

ئەم خزمەتگوزارییە لە خزمەتگوزارییە گرنگەكانە كە ڕۆڵی هەیە لە خزمەتكردنی دانیشتوانی هەر شارێك، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بە پێی پێوەرەكان، كە (5،1 م$^2$/ 1كەس) دیاریكردوە لە دانیشتوانی شار كورتهێنان هەبوو لە شاری ڕزگاری لە ساڵی بنەڕەت، بۆیە دەبێت ئەم لایەنە لەشار ڕێكبخرێت بۆ ئاستی پێویست بەمەبەستی باشتركردنی كاركردنی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، هەربۆیە بۆ چارەسەركردنی كورتهێنانی خزمەتگوزاری كارگێڕی لە ساڵی 2015 و دابینكردنی پێویستییەكانی دانیشتوان لە ساڵی 2025 پێویستە ڕووبەری (58633 م$^2$) تەرخان بكرێت بۆ دامەزراوەكانی ئەم خزمەتگوزارییە.

**4- خەملاّندنی پێویستییەكانی شار لە خزمەتگوزارییە ئاینیەكان:**

هەروەك چۆن لە هەڵسەنگاندنی دۆخی خزمەتگوزارییە ئاینیەكان لە ساڵی بنەڕەت بەپێی پێوەرە پلانسازییەكان، كە (0,125 م$^2$/1كەس) دیاریكردوە، بۆمان ڕوون بووەوە كە ئەم خزمەتگوزارییە بە توانایەكی زۆر باشەوە خزمەتگوزاری پێشكەش دانیشتوان دەكات، هەر هەمان ئەو خزمەتگوزارییە، كە ئێستا هەیە دەتوانێت پێویستییەكانی دانیشتوان لەساڵی 2025 پڕبكاتەوە.

**ئە نجامەكان:**

1- لێکۆڵینەوە لە دابەشبونی جوگرافی دامەزراوەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان دەریخست ناهاوسەنگی هەیە لە دابەشبونی دامەزراوەکان بەرامبەر قەبارەی دانیشتوان، بۆیە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر توانای خزمەتگوزارییەکان .

2- کەرتی خزمەتگوزاری فێرکاری بایەخێکی بەرچاوی پێدراوە لە لایەن حکومەتەوە، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی بەپێی پێوەرە پلانسازییەکان لە هەندێك لە ڕەگەزەکانی ناهاوسەنگی هەیە، بە پێی پێوەری ڕووبەر و قەبارەی دانیشتوان کورتهێنان هەیە لە ژمارەی باخچەی منداڵان و قوتابخانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی (1-6) بۆ پڕکردنەوەیان پێویستە (5) باخچەی منداڵان و ڕووبەری (15000-17500 م$^2$) و (5) قوتابخانە و ڕووبەری (25000-3000 م$^2$) زەوی تەرخان بکرێت، هەروەها بە پێی پێوەرە مرۆییەکانی (منداڵ/ پۆل) بۆ قۆناغی باخچە و (قوتابی / قوتابخانە) بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلەکانی (1-6) پێویست بە کردنەوەی باخچە و قوتابخانەی زیاتر دەکات، جگە لەو کورتهێنانەی ئاماژەمان پێدا بەپێی تەواوی پێوەرەکانی تر و بۆ سەرجەم قوناغەکان بەشێوەیەکی گونجاو خزمەتگوزارییەکان پیشکەش دەکرێت.

3- هەڵسەنگاندنی دۆخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کورتهێنانی دەرخستوە لە ژمارەی بنکە تەندروستییەکان، لەسەر بنەمای پێوەری ڕووبەر و قەبارەی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە (1) بنکەی تەندروستی و ڕووبەری (5000م$^2$) هەیە، هەروەها بە پێی پێوەرەکانی (پزیشك/دانیشتوان) و (دەرمانساز/ دانیشتوان) و (تەندروستکار/ دانیشتوان) ناهاوسەنگی و کورتهێنان هەیە، کە کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتە سەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام بە پێوەری (پزیشکی ددان/ دانیشتوان) گونجاویەکی تەواوی بەدەست هێناوە.

4- خزمەتگوزاری کارگێڕی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە خزمەتکردنی دانیشتوانی شار و هەرێمەکەی ڕووبەرێکی کەمی بۆ تەرخانکراوە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی شار، بۆیە بەرکەوتەی تاك کە (0,4م$^2$) ناگونجێت لەگەڵ پێوەرە پلانسازییەکاندا .

5- بەهۆی بایەخدانی حکومەت و کەرتی تایبەت بە خزمەتگوزاری ئاینی ڕووبەرێکی زیاتری بۆ تەرخانکراوە، کە زیاترە لەو ڕووبەری هاتوو لە پێوەرە پلان سازییەکاندا، بۆیە توانای دامەزراوە ئاینییەکان زۆر باشە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و ئەو بڕەی کە ئێستا هەیە پێویستییەکان شار لە ساڵی 2025 دابین دەکات.

6- قەبارەی دانیشتوان لە ئاییندە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات لەگەڵ گریمانەی جێگیری ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ئێستا (2،9٪) بۆیە شار پێویستی بە زیادکردنی بڕ و جۆری خزمەتگوزارییەکانە بۆ هەنگاونان لەگەڵ گەشەی پێشبینیکراو.

## ڕاسپاردەکان:

لەسەر ڕۆشنای ئە نجامەکانی توێژینەوە توێژەران ئەم ڕاسپاردانە بە پێویست دەزانن:

1-دروستکردنی هاوسەنگی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی شار لەسەر بنەمای پێوەرە پلانسازییەکان بەشێوەك ئاستی توانای ڕەگەزە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بەرزبکاتەوە .

2-زیادکردنی ژمارەی باخچە و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و فەرمانگە کارگێڕییەکان بەشێوەیەك هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەی دانیشتوان لە ئاییندە لە ڕێگەی پلانسازی زانستی و دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا و دابینکردنی پێویستییەکانی زیادبوو لە ئە نجامی گەشەی دانیشتوان .

3-دروستکردنی هەماهەنگی تەواو و کارا لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالا (زانکۆی گەرمیان و پەیمانگای تەکنیکی کەلار) بۆ کردنەوەی بەشە پزیشکییەکان تیایاندا بە مەبەستی پێگەیاندنی کادری پزیشکی بۆ پڕکردنەوەی پێویستی دامەزراوە تەندروستییەکان .

4-بەشداری پێکردنی کەرتی تایبەت لە پلاندانان و جێبەجێکردن بەشێوەیەك هاندەربێت بۆ ئەم کەرتە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە تایبەت ئەوانەی کورتهێنانیان تیادایە .

**لیستی سەرچاوەكان لە پەراوێزدا :**

1- الوقائع العراقية، المرسوم الجمهوري ذو الرقم (606)،العدد (2530) فی 1975/12/15.

2- الوقائع العراقية، المرسوم الجمهوري ذو الرقم (248)،العدد (3186) فی 1988/1/25.

3- حكومەتی هەرێمی كوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ،ئیدارەی گەرمیان، هۆبەی كارگێڕی، زانیاری بلاّو نەكراوە، 2016.

4- ئارام حسن محمد، نواندنی كارتۆگرافی تایبەتمەندییە سروشتییەكانی قەزای كەلار (بە بەكارهێنانی هەردوو بەرنامەی RS و GIS )، نامەی ماستەر (بلاّونەكراوە)، كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، 2015، ل96و100.

5- Exploratory Soil map of Iraq،Buringh. Soil and Soil condition in Iraq ، 1960.،Baghdad

6- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، فەرمانگەی ئاوی ڕزگاری، هۆبەی هونەری، داتای بلاّونەكراوە، 2016.

7- وزارة التخطيط،الجهاز المركزی للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة(1977) محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزی للأحصاء، (1978)، جدول رقم (3 و 4).

8- مديرية الاحصاء السليمانية،المؤشرات السكانية و البنى الخدمية والارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة(2000)، ص12.

9- حكومەتی هەرێمی كوردستان ،وەزارەتی پلاندانان، دەستە ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری گەرمیان ، زانیاری بلاّو نەكراوە،2016.

10- مازن عبدالرحمن الهيتی، جغرافية الخدمات، مكتبة المجتمع العربي للطباعة والنشر، طبعة الاولى، 2013، ص11.

11- سعيد فاضل احمد، واقع ومستقبل خدمتی الماء الصافی والمجاری فی مدينة بعقوبة، رسالة ماجستير،(غ.م)، كلية التربية، جامعة ديالى، 2008، ص17.

(*) مەبەست لە خزمەتگوزاری كۆمەڵگەیی (Community services) ئەو بەكارهێنانی زەوی یاخود خزمەتگوزارییانەیە كە تیایدا تاكەكان لە كۆمەڵگەی شاردا یاخود هەرێمەكەیدا بەیەك دەگەن بۆ ئەنجامدانی چالاكییەكی كۆمەلاّیەتی یان فرمانێكی دیاریكراو بە شێوەیەكی ڕێكخراو، بۆیە ئەم دامەزراوانە، كە ئەم جۆرە

خزمەتگوزارییانە پێشكەش دەكەن بایەخێكی گەورەیان هەیە لە پتەو كردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، بڕوانە: (علی لفتة سعید، تقییم كفاءة استعمالات الارض الحضرية فی مدينة مشخاب، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، العدد19، 2011،ص308).

12- فتحی ابراهيم احمد شبلي، اثر الخدمة التعليمية على النمو العمرانی، مجلة الجمعية الجغرافية المصرية، العدد(45)، لسنة (2005)، ص395.

13- اسراء هيثم احمد صالح العبيدی، التباين المكانی للخدمات الصحية فی محافظة ديالی، اطروحة دكتورا(غ.م)، كلية العلوم الانسانية، جامعة ديالی، 2013،ص19.

14- علی لفتة سعيد و ايمان عبدالحسين شعلان، تقييم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في مدينة الحيدرية، مجلة البحوث الجغرافية، العدد(19)، 2011، ص320.

15- علی لفتة سعيد و ايمان عبدالحسين شعلان، المصدر نفسه، ص315.

16- رياض كاظم سلمان الجميلی، كفاءة التوزيع المكانی للخدمات المجتمعية(التعليمية والصحية والترفيهية) فی مدينة كربلاء، اطروحة دكتورا(غ.م)، كلية التربية ابن رشد،جامعة بغداد، 2007، ص248.

17- زين العابدين علي صفر، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، دار الوضاح للنشر،طبعة الاولى، 2015،ص291

18- وزارة الاسكان والمرافق والمجتمعات العمرانية، الهية العامة للتخطيط العمرانی،الادارة المركزية للبحوث و الدراسات والتخطيط الاقليمی،دليل المعدلات والمعايير التخطيطية للخدمات الجمهورية المصر العربية،المجلد الاول،الخدمات التعليمية،2014،ص19.

(**) ئەم پێوەرانە وەرگیراوە لە (زين العابدين علي صفر، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، دار الوضاح للنشر، طبعة الاولی، ص314-318)

19- زين العابدين علي صفر، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، المصدر السابق، ص307.

20- اسراء هيثم احمد صالح العبيدی، التباين المكانی للخدمات الصحية فی محافظة ديالی، االمصدر السابق، ص147-193.

(***) بۆ پێوەرە مرۆییەكان سود وەرگیراوە لە :

أ- رياض كاظم سلمان الجميلی، كفاءة التوزيع المكانی للخدمات المجتمعية(التعليمية والصحية والترفيهية) فی مدينة كربلاء، اطروحة دكتورا(غ.م)، كلية التربية ابن رشد،جامعة بغداد، 2007، ص272.

ب- اسراء هيثم احمد صالح العبيدى، التباين المكانى للخدمات الصحية فى محافظة ديالى، االمصدر السابق، ص178-147.

21- صفر، زين العابدين علي ، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، المصدر السابق،ص 328 .

22- صفر، زين العابدين علي ، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، المصدر نفسه،ص219.

23- علي لفتة سعيد،تقييم كفاءة استعمالات الارض في مدينة الحرية، مجلة البحوث الجغرافية،العدد(16)،2012، ص325.

24- مشعل فيصل المولى،التجمع الحضري في القائم، اطروحة دكتوراه، (غ.م)، كلية أداب جامعة بغداد،2006، ص217 .

25- حمادي عباس حمادي، التغيرات السكانية في محافظة قادسية (1977-1987)، اطروحة دكتوراه، غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد، 2005، ص 107 .

26- حكومەتی هەرێمی كوردستان ،وەزارەتی پلاندانان، دەستە ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری گەرمیان ، زانیاری بلاَو نەكراوە،2016

(****) پێشبینی بۆ ئایندەی دانیشتوان بە پێی هاوكێشەی خوارەوە ئە نجام دراوە:

$$\text{ئە نجام} = \frac{\text{تێكڕای گەشەی سالآنەی دانیشتوان} \times \text{ژمارەی دانیشتوان لە هەر ساڵێك}}{100}$$

ئە نجام + ژمارەی دانیشتوان لە هەر ساڵێك = ژمارەی پێشبینیكراوی دانیشتوان بۆ ساڵی ئاینده

سەرچاوە: عبد علي الخفاف و عبدالمخور الريحاني، جغرافية السكان، جامعة بصرة، 1986، ص152 .

27- اسراء هيثم احمد صالح العبيدي ، التباين المكانى للخدمات الصحية فى محافظة ديالى، المصدر السابق، ص 113 .

## سەرچاوەكان

یەكەم : سەرچاوە كوردییەكان :

أ- نامە و تێزە زانكۆییەكان:

1- محمد، ئارام حسن، نواندنی كارتۆگرافی تایبە تمەندییە سروشتییەكانی قەزای كەلار (بە بەكارهێنانی هەردوو بەرنامەی RS و GIS )، نامەی ماستەر (بلاَونەكراوە)، كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، 2015.

ب- فەرمانگە حكومییەكان :

1- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتیشارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆكایەتی گشتی شارەوانییەكانی گەرمیان، سەرۆكایەتی شارەوانی ڕزگاری، هۆبەی هونەری، زانیاری بلأونەكراوە، 2016.
2- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، فەرمانگەی ئاوی ڕزگاری، هۆبەی هونەری، داتای بلأونەكراوە، 2016.
3- حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار، هۆبەی ئامار، زانیاری بلأونەكراوە، بۆساڵی 2016.
4- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بنكەی تەندروستی گەرمیان، زانیاری بلأو نەكراوە، 2016.
5- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان ، بنكەی تەندروستی شەهید د.قاسم ، زانیاری بلأو نەكراوە، 2016 .
6- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی گەرمیان، هۆبەی كارگێڕی، زانیاری بلأو نەكراوە، 2016.
7- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری گەرمیان ، زانیاری بلأونەكراوە، 2016.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان :**

1- الهيتى، مازن عبدالرحمن، جغرافية الخدمات، مكتبة المجتمع العربي للطبع والنشر، طبعة الاولى، عمان، 2013.
2- احمد ، سعيد فاضل، واقع ومستقبل خدمتى الماء الصافى والمجارى فى مدينة بعقوبة، رسالة ماجستير،(غ.م)، كلية التربية، جامعة ديالى، 2008.
3- شبلي، فتحى ابراهيم احمد، اثر الخدمة التعليمية على النمو العمرانى، مجلة الجمعية الجغرافية المصرية، العدد(45) لسنة (2005).
4- العبيدي، اسراء هيثم احمد صالح، التباين المكانى للخدمات الصحية فى محافظة ديالى، اطروحة دكتورا(غ.م)، كلية العلوم الانسانية، جامعة ديالى، 2013.
5- سعيد، علي لفتة و ايمان عبدالحسين شعلان، تقيم الخدمات التعليمية فى مدينة الحيدرية، مجلة البحوث الجغرافية، العدد(19)، 2011 .
6- الجميلي، رياض كاظم سلمان، كفاء ة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية(التعليمية والصحية والترفيهية) فى مدينة كربلاء،اطروحة دكتورا(غ.م)، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، 2007.

7- سعيد، علي لفتة، تقييم كفاءة الاستعمالات الارض الحضرية فى مدينة مشخاب، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، العدد19، 2011.

8- صفر، زين العابدين علي ، تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات، دار الوضاح للنشر،طبعة الاولى، عمان،2015

9- المولى، مشعل فيصل، التجمع الحضري في القائم، اطروحة دكتوراه، غير منشورة، كلية أداب جامعة بغداد، 2006 .

10- حمادي، حمادي عباس، التغيرات السكانية في محافظة قادسية (1977-1987)، اطروحة دكتوراه، غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد، 2005 .

11- الخفاف ، عبد علي و عبدالمخور الريحاني، جغرافية السكان، جامعة بصرة، بصرة، 1986 .

12- سعيد، علي لفتة ، تقييم كفاءة استعمالات الارض في مدينة الحرية،مجلة البحوث الجغرافية، العدد(16)،2012 .

13- الوقائع العراقية، المرسوم الجمهوري ذو الرقم (606)،العدد (2530) فى 1975/12/15.

14- الوقائع العراقية، المرسوم الجمهوري ذو الرقم (248)، العدد (3186) فى 1988/1/25.

15- وزارة التخطيط،الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة(1977) محافظة السليمانية،مطبعة الجهاز المركزى للأحصاء،(1978).

16- مديرية الاحصاء السليمانية،المؤشرات السكانية و البنى الخدمية والارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة(2000).

17- وزارة الاسكان والمرافق والمجتمعات العمرانية، الهية العامة للتخطيط العمرانى، الادارة المركزية للبحوث و الدراسات والتخطيط الاقليمى، دليل المعدلات والمعايير التخطيطية للخدمات الجمهورية المصر العربية،المجلد الاول،الخدمات التعليمية، قاهرة، 2014 .

### سێیەم:سەرچاوەكان بە زمانی ئنگلیزی:

1- Buringh. Soil and Soil condition in Iraq، Exploratory Soil map of Iraq، Baghdad، 1960.

# Evaluating the Growth of Population on the Future of Civil Services in Rizgary Town Via GIS

**Ezzadin Juma Darwish**
University of Garmian
College of Education
Dept. Of Geography

**Kamaran Muhammed Tofeeq**
University of Garmian
College of Basic Education
Social Sciences Department

**Aram HassanMohammed**
University of Garmian
College of Basic Education
Social Sciences Department

Aram.hassan@garmian.edu.krd Kamaran.Muhammed @garmian.edu.krd Azadeen.Jumea@garmian.edu.krd

## Abstract

The area of the study includes the area of Rizgary municipality and the district of Rizgary appurtenant to Kalar town, the centre of garmian Adminstration. It is in the south-east of Kurdistan region and the south-east of Iraq.

In this research, the researchers shed light on services concerning education, health, adminstration and religion, as some important elements of civil services, as well as the amount of requests on these aspects, for the expectation of their future on the basis of a scientific planning that may solve the current issues and meet the future needs.

The research presents the civil services depending on the descriptive method, and depending on analytic method the variabilities of those services are evaluated, based on some criteria followed by Iraqi Ministry of Planning in order to evaluate their ability and to depict a clear viewpoint on the need of population for those services, and then expectations for their future on a scientific basis has been shown. Finally the research has got to some conclusions, one of them is, depsite that the government has paid attention to educational services, there is imbalance in some elements. According to the area of the city and its population, it needs 5 kindergartens with the area of (15000-17500 m2), and 5 schools for basic level with the area of (25000-30000 m2). So, according to humanitarian standards of (children/room) for kindergarten and (student/classroom) for the basics, it requires opening more schools and classrooms. For health services, the city needs 1 health centre with the area of (5000 m2), and according to humanitarian criteria there is imbalance in the elements of this service in terms of physicians and staff. The outcome for individual in terms of adminstration services (0.4 m2 per person) has shortcomings, but for religious services (1 m2 per person) is enough and has good capacity to cover all the populations. Among the most distinct conclusions of the research is that the population is in a constant growth, and with he rate of 2.9% annually it will reach 47,622 in 2025. So, here the importance of scientific planning is seen so as to guide the relevant parties in solving the current issues and shortcomings as well as preparing for the future in order to make up with the population growth.